# بەشی یەکەم

# پێشینەیەکی مێژوویی لە پەیوەندییەکانی تورکو جولەکە هەتا وەکو ساڵی ٢٠٠٢

## ١-٢. کورتەیەکی مێژوویی لەئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە بۆ ساڵی ١٩٢٣

مێژوو نووسی بەریتانی ئارنۆڵد تۆینبی (Arnold Toynbee) لایوایە: دەوڵەتی عوسمانی تاکە دەوڵەتێکە لەمێژوودا، کەحوکمی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردبێت... بیرمەندی فەرەنسی بەین هێربەین (Penne Herpin) یش کە لەسەردەمی خەلافەتی عوسمانیدا ژیاوە (١٦٢٩) ئەڵێت: تواناکانی خەلافەت ئەوەندە بەرزبوبویەوە، کە دەستەلاتی بەسەر هەموو جیهاندا ئەشکا (Öztuna,Y. 1988,P.7).

سەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانونی (١٥٢٠-١٥٦٦) کەئیتر دەوڵەتی عوسمانی لەمێژووی خۆیدا گەیشتە لوتکەی بەرفراوانی و دەستەلاتو، بوو بەدەوڵەتێکی جیهانی، تاکە سەردەمێکە کە تەنانەت هەندێ لەمەلیکەکانی ئەوروپاش هاتنە ژێر چەتری پاراستنی سوڵتانی عوسمانییەوە، وەکو: "پاشای زابۆنیا ١٥٢٩ وە پاشای فردیناند ١٥٣٠" (Kazem,2012). سەباری ئەوەی باج و سەرانەیان ئەدا بەدەوڵەتی عوسمانی، لەڕووی دیبلۆماسی و باری گفتۆکردنیشەوە لەگەڵ سوڵتان سولەیمان کرابوو بەمەرج و مادەی یاسایی بەسەریانەوە کە: " سیفەتی ئیمپراتۆر لەئەوروپادا بەکارنایەت لەگەڵ خەلافەتی عوسمانی دا، تەنها

بۆ پادشای جیهان سوڵتان سولەیمانی قانونی نەبێت"... سوڵتان سولەیمان هەر ئەوروپای نەگرت، بەڵکو سنوریشی بۆ فراوانخوازیی سەفەویەکان لەناوچە عەرەبییەکان دانا، جارێکی تر بەغداو کەربەلاو نەجەف و تەبریزیشی خستە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی عوسمانییەوە.. دەوڵەتی شیعی سەفەوی ئەیویست پەل بهاوێت بۆ ناوچەی قەفقاس و، شیعەگەرێتی خۆی تیا بلاَو بکاتەوە، بەلاَم لەهەموو ڕووبەڕووبونەوەکانی دا لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی هەرەسیهێنا... ڕووبەری فەرمانڕەوایی خەلافەت لەسەردەمی قانونیدا گەیشتە ئەوپەڕی هێز، کە(١٤٨٩٣٠٠٠ کم٢)ی لەژێر چنگدا بو، تیایدا (١٩٩٨٠٠٠ کم٢)ی لەئەوروپاو، (٤١٦٩٠٠٠ کم٢) لەئاسیاو، (٨٧٢٦٠٠٠) لەئەفریکا (Öztuna,Y. 1988,P.8).

### ٢-١-١. سەرەتاکانی دەرکەوتنی یەهود لەدەوڵەتی عوسمانیدا.

**یەهودی دونمە: بنەماو شێوازی دروستبونیان.**

دونمە "Donmeh"، ووشەیەکی تورکی لێکدراوە، لەدوو بەشی "دو" بەمانای"بنچینە، ڕەسەن، یان ڕەگەزی ڕاستەقینە" دێت، وە "نمە" بە مانای "جۆر" دێت، واتای ووشەکە بەگشتی تیم یان گروپێکی بەهێزە کە لەسەر دوو جۆر ڕەگەز دروستبون، بۆنمونە: جۆرێکی ئیسلامی و جۆرێکی یەهودی لەیەك کەسدا بونی هەبێت، هەرچەندە لای تورکەکان ئەمانە بەهەڵگەراوە لەدین لەقەڵەم ئەدرێن.

سەرەتاکانی دەرکەوتنی یەهوود لەووڵاتی عوسمانیەکاندا، ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانونی، کە هاوسەرگیریی لەگەڵ کچێکی ڕووسی بەڕەگەز یەهوددی ئەکات بەناوی ڕۆکسلانە "ناوی ڕاستەقینەی خرم ە، بەمانای زەردەخەنە"، لەسەر بنەمای ئەوەی ئەم کچە لەجوانیدا هەموو سنورەکانی تێپەڕاندووە، وە بە"جاریە، هێناویانە کە

لەئیسلامدا ڕێگە پێدراوە". کەدواتر سەرکەوتوو ئەبێت لەوەی دەستەلاتی سولتان بەکاربهێنێت، ئەبێتە هۆی کوشتن و لەناودانی کوڕە گەورەکەی سولتان سولەیمان، کە "وەلی عەهدە"، بۆ ئەوەی دوای خۆی دەستەلات وەرنەگرێت.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئایا ڕۆکسلانە ڕۆڵی هەبووە لەهاتنە ناوەوەی یەهود بۆ ناو خەلافەتی عوسمانی؟.

بۆ وەلامی ئەم پرسیارە لەبەدواداچونی تەواودا، دەرئەکەوێت کە ڕۆکسلانە ڕۆڵی گێڕاوە لەقەناعەت پێهێنانی مێردەکەی کەسولتانی عوسمانییە، بۆ ڕێگەپێدانی جوولەکە ڕاکردووەکانی ئیسپانیا تا بێنە ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانییەوە، ئەو کاتانە دادگاکانی پشکنین لەئیسپانیاو زۆربەی ولاتانی دونیا حوکمی توندیان بۆ جوولەکەکان دانابو، بەهۆی ئەو پەیامەی لە "کیتابی پیرۆز"دا هەیانە. جگە لەوە لەهەندێك سەرچاوەدا ئاماژە بەوە ئەکرێت، کە ڕۆکسلانە سەرەتای فیتنەیەکی گەورەبووە لەنێو سەڵتەنەتداو، بۆتە هۆی کوشتنی چەند کەسێکی نزیك لەسولتان سولەیمان "بەلام ئێمە بەگومانەوە لێمان ڕوانی، چونکە بەشێك لەو نوسەرانە عەرەب بون‌و، لەگەڵ ئەوەی توێژینەوەی ئەکادیمیان کردووە، باسەکەیان تێکەڵ بە ڕق و کینە کردبو" ..دوای دەرکەوتنی چینێکی تازە کە یەهودی دونمە یە، بەلای کەمەوە ئەم چینە لەو ڕۆژگارە ئالۆزەدا، کەهەموو کونجێکی جیهان بۆ ئەوان ئاگرو ئاسنە، هەستیان بەدەرروویەك، یان بەگەورەیی و پلەوپایەی خۆیان کردووە، لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا، بەوەی کە کەسێکی جولەکە لەناو کۆشکی سەڵتەنەتدایەو، خێزانی سولتان سولەیمانی قانونییە (Kazem,2012,P.158).

### ٢-١-٢. کێ دامەزرێنەری ڕاستەڤینەی یەهودی دونمەیە؟.

سباتای زیفی (Sabatay Sevi) بەدامەزرێنەری ڕاستەڤینەی یەهودی دونمە ئەناسرێت، کە ساڵی (١٦٤٨) بەددەم چەند دەق و بانگەوازێکی دینی عیبرانیەوە دەرکەوت، بانگەشەی ئەوەی کرد کە مەسیحێکی تازە دێت و، حوکمی دونیا ئەکات، قودسیش ئەکاتە پایتەختی دەوڵەتی جوولەکەکان، دواتر هەر لەو ساڵی (١٦٤٨) لەتەمەنی (٢٢) ساڵیدا، خۆی ئەکات بەمەسیح و خەڵکێکی زۆری یەهودیش شوێنی ئەکەون و باوەڕی پێ دێنن.

سباتای، جوولەکەیەکی ئیسپانیە، کوڕی سمساری یەهودی موردخان زیفیە، لەدایکێکی جوولەکەو لەشاری ئیزمیری ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ ساڵی (١٦٢٦) لەدایکبووە، لەئیسپانیاوە کۆچیان کردووە بۆ تورکیا، لەسەردەمی دەستەڵاتی عوسمانیدا سیاسەتێکی لێبوردەیی دینی بەکارهێناوە، بووەتە حاخامی ئیزمیر، خەڵکی لەدەوری خۆی کۆکردۆتەوەو باسی تەورات و تەلمودی بۆ کردون، هەوڵی کۆکردنەوەی کوتلەی یەهودی داوەو، ویستویەتی سوڵتانی عوسمانیش لەخشتە بەرێت، بەتۆمەتی ئەوەی بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کردووە، لەگرتوخانەی زندان قابو زیندانی ئەکرێت، پاشان پەلکێشی ئەکەن بۆ شاری ئەدەرنە، لەوێ نوێنەرەکانی سەدری ئەعزەم ئەمادە ئەبن (سەدری ئەعزەم: کەسێك بووە هەموو مۆرو نهێنیەکانی سوڵتانی لابووە، لەڕووی دەستەڵاتەوە لەدوای سوڵتان ئەو دێت).. حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرئەکەن، بەئامادەگی پزیشك و وەرگێڕی ئیسپانی و... تاد.. لەوێدا بڕیاری ئەوەی پێ ئەدەن کە ئیسلام بێت، پاشان لەحوکمەکەی ڕزگاری ئەکەن، پاك ئەیشۆن، لەمەراسیمێکدا

شەهادەتی ئیسلامەتی پێ دێنن، ئینجا جبەو عەمامەی مەلایەتی لەسەر ئەکەن...

ئیتر گوایە حاخام بووە بەموسڵمان!. لەناو کۆشکی سەڵتەنەت پلەی بەرپرسی دەرگاکانی ئەدەنێ، مانگانە بەمووچەیەك سەروو سەدو پەنجا ئوقەی زیوی لەوێ ئەبێت... ئینجا داوایەك بەرز ئەکاتەوە بۆ دەوڵەتی عوسمانی کەیەهوودەکان بکەن بەموسڵمان، بەلێشاو یەهود ئەبێتە ئیسلام!. هەر کەسێك و دوو ناوی هەیە، ناوێکی گشتی ئیسلامی و، ناوێکی تایبەتی یەهودی، وەك هەر موسڵمانێك نوێژ و ڕۆژوو حەج ئەکەن، ئەچنە مزگەوتەکانیش،،، بەڵام لەژێر عەمامەو جبەدا برەو بە یەهودییەتی خۆیان ئەدەن. تەنانەت پارێزگاری لەداب و نەریت و زمان و جلوبەرگ و دروشمەکانی خۆشیان ئەکەن، قوتابخانەو قەبرسانی تایبەت بەخۆشیان هەبووە، دواتر بەهۆی ئەو ڕاپۆرتانەی بۆ ئیدارەو ئاسایشی دەوڵەتی عوسمانی بەرز ئەکرانەوە، کەسباتای بەفرت و فێڵ ئیسلام بووەو، ئەیەوێت گورز لەدەوڵەتی ئیسلامی بوەشێنێت، لەسەردەمی سوڵتان (محەمەدی چوارەم)دا، سباتای ئەگرن و نەفی ئەکەن بۆشاری دۆلکۆن (Dolcigno) لەوێ لە (٣٠ ی ئەیلولی ١٦٧٥) ئەمرێت (Almak&Morauszki.2014.12-13).

لێرەوە دەرئەکەوێت، کە یەهودی دونمە، بزوتنەوەیەکی سیاسیی بووە ئینجا دینی، تا لەو ڕێگەیەوە پێگەی خۆیان لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا بەهێزبکەن، وە "سباتای زیفی" یەکەم کەسە کە بانگەشەی ئەوەی کرد قودس پایتەختی دەوڵەتی یەهودییەو، دامەزرێنەری ڕاستەقینەی زایۆنیزمی جیهانییە بە (٣٠٠) ساڵ پێش تیۆردۆر هرتزل.

### ٢-١-٣. ڕۆڵی یەهود لەڕووخانی دەوڵەتی عوسمانیدا چی بووە؟

وەك دەرئەکەوێت پێش ئەوەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، دەستەلاّت بگرێتە دەست، یەهودیەکان گەرا و پێگەی خۆیان گرتووە لەناوچەی دەستەلاّتی عوسمانیدا. بەهەمان شێوە ماسۆنیەتی جولەکەش لەودواییەیدا، لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا کۆنترۆڵی دەستەلاّتی عوسمانی یان کردووە، بۆنمونە: وەزیری دەرەوە مستەفا ڕەشید پاشا لەسەردەمی سوڵتان مەحمودی دووەم (١٨٣٩) یاسایەکی تازەی دەرکرد، کەهانی کەمینەکان ئەدات بۆ جیابونەوە لەدەوڵەت و خەلافەتی ئیسلامی، ئینجا یاسای دیکەیان دەرکرد کە بانگەشەی ڕۆژئاوایی بون "تەغریب" بکات ، خەڵك داوای چاکسازیی "ڕیفۆرم" بکەن، تەنانەت وەکو "سوڵتان عەبدولمەجید" لەیادەوەرییەکانیدا باسی ئەکات و، ئەڵێت: سیاسی و ڕیفۆرمخوازی عوسمانی "مەدحەت پاشا" بەئاشکرا بوبو بەماسۆنی، لەکاتێکدا مەدحەت پاشا ماوەیەك سەرۆك وەزیرانیش بووە.، لەمدواییە مورادی پێنجەم کوڕی سوڵتان عەبدول مەجیدی یەکەم بوبو بەئەندام لەڕێکخراوە ماسۆنیەکان و دروشمی دژی شەریعەتی ئیسلامیان دەگوتەوە (Kazem,2012,16٠).

ساڵی (١٨٨٩) ڕیفۆرمخوازە عوسمانییەکان بەهاوکاری یەهودو لەسەر ڕێنوێنی ئینگلیزەکان (کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی) یان، لەشاری سالۆنیك دامەزراند. یەکەم کۆبونەوەی ماسونیەتیش هەرلەوێ گرێدرا، هەر ئەم کۆمەڵەیە دواتر سوڵتان عەبدول حەمیدیان لەدەستەلاّت دابڕاندو دوریانخستەوە، هۆکارێکیش بون بۆ ئەوەی بەشێك لەخاکی فەلەستین بفرۆشرێت و دەرگایان لەیەهود کردەوە کەبچنە قودس و نیشتەجێ بن..

جگە لەوەش یەهود ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا لەقەسابخانەو کوشتاری ئەرمەنەکان لەئەنادۆڵدا، لەلایەك ئەرمەنییەکانیان هان ئەدا دژی سوڵتان بجەنگن، لەلایەکیش یەهود پلەو پایەی بەرزیان لەدامودەستگەی سەربازیدا لەناو دەوڵەتی عوسمانی گرتبو، قەناعەتیان بەسوڵتان موحەمەد ڕەشاد کرد، کە بەشداری جەنگێکی دۆڕاو زیانبەخش بکات لەگەڵ وڵاتانی میحوەر "ئەڵمانیاو ئیتاڵیا" دژی وڵاتانی هاوپەیمانان (حلفا) شەڕ بکەن، لەئەنجامدا دەوڵەتی عوسمانی بەشی زۆری خاکەکەی لەدەستداو ئابڵوقەی ئیستانبوڵیش درا (Bayoumi, 1998, P.43).

سەرەنجام، ساڵی (١٩٢٣) لەسەردەستی "مستەفا کەمال ئەتاتۆرك" کۆمەڵەی نیشتمانی تورکی ڕاگەیەنرا، کەدەوڵەتی تورکیا لەخەلافەتەوە ئەبێتە دەوڵەتێکی نەتەوەیی کۆماریی سیکۆلار، لەسەر مۆدێلی ڕۆژئاوایی، بەپێی ئەو بەڵێنەی بە بەریتانیاو هەوپەیمانان درا دەوڵەتەکە: دەستورێکی تازەی عیلمانی ئەنوسێتەوە، چەمکەکانی خەلافەت هەڵئەوەشێتەوە، پیتی عەرەبی نوسین بۆ پیتی لاتینی تورکی گۆڕدرا، نوێژو بانگدانی ئیسلامیش بوو بەتورکی .. نەمانی خەلافەت خۆی بۆخۆی دیارییەك بوو بۆ ڕۆژئاواو جولەکەکان (Kazem,2012,p 161).

## ٢-٢. ماوەی نێوان ١٩٢٣-١٩٤٨

ئەم قۆناغەی نێوان ساڵانی (١٩٢٣-١٩٤٨) ماوەی خۆ ڕێکخستنەوەی ژیانی سیاسیی و نێوخۆییە لە تورکیا،ماوەی ڕەنگ گرتنی هەموو پنتە جیاوازەکانە،پتر لەوەی پەیوەندیی بێت لەگەڵ جیهانی دەوروبەردا.

ئەوە ڕوون بوەوە کە: یەهود لە کۆتایی هێنان بە خەلافەتی عوسمانی و گواستنەوەی بۆ دەوڵەتێکی عیلمانی ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوە، لێرەوە سەرەتای سەدەیەکی نوێ بە سەرکردایەتی "مستەفا کەمال ئەتاتۆرك" لەچوارچێوەی پەیماننامەی لۆزانی ساڵی (١٩٢٣)دا دەست پێ ئەکات، بۆ دیاریکردنی سنورە نوێیەکانی هەریەك لەتورکیاو یۆنان و بولغاریاو ڕۆژهەلاتی عەرەبی، پەیماننامەکە بەگشتی بۆ ڕێکخستنەوەی ناوچەی ئەنادۆڵ بو، لەسەرەنجامی جەنگی سەربەخۆیی تورکیا بو لەنێوان هێزەکانی هاوپەیمانان و کۆمەڵەی نەتەوەیی تورکیا بەسەرۆکایەتی ئەتاتۆرك، هەر بەپێی ئەم پەیماننامەیە، بەریتانیا چوار مەرجی سەرەکی سەپاندووە بەسەر تورکیادا:

١- هەڵوەشانەوەی خەلافەتی عوسمانی

٢- نەمانی پەیوەندیی لە نێوان تورکیا و ئیسلامدا

٣- وەدەرنانی لایەنگرانی خەلافەت

٤- دەرکردنی دەستورێکی مەدەنی عیلمانی لەتورکیا (Ghaul.2011.15).

سەباری ئەوەشی کە: تورکیا ناتوانێت داوای سنورەکانی دەوڵەتی عوسمانی بکاتەوە، کە لەپێش جەنگی یەکەمی جیهانی هەیبوە. هەموو ئەمانە بوونە ئالیەتی قۆناغێکی گەورە لەوەرچەرخانی تورکیادا، لەگەڵیدا کارئاسانی زیاتر بۆ جولەکە کرا تا بچێتە خاکی فەلەستین و داگیری بکات.

بەم جۆرە، کۆماری تورکیا: ”"Türkiye Cumhuriyeti لە ساڵی (١٩٢٤) دامەزراو، لە ساڵی (١٩٢٢) بەیەکجاریی سیستەمی خەلافەتی ڕەتکردەوە، ئەوەیان بە ئامانج وەرگرت عیلمانیەت وەك

بنەمایەکی سەرەکی کە لەحوکمڕانیەتدا ڕەنگ بداتەوە ، دەوڵەت کەوتە سەر سکەی چاکسازیی و لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژوودا هەڵدرایەوە بەئاڕاستەی خۆرئاوا.. ساڵی (١٩٣٧) دەستوری تازە بڕیاری لەسەر درا (Morse, 2015).

## ٢-٣. پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل: لەدانپیانانی ١٩٤٩ ەوە بۆ کۆتایی جەنگی سارد ١٩٨٩

### ٢-٣-١. پەیوەندییە سیاسییەکان

بەشێوەیەکی فەرمی پەیوەندیی نێوان تورکیاو ئیسرائیل لە(ئازاری ١٩٤٩)ەوە دەست پێ ئەکات. تورکیا وەك یەکەمین دەوڵەت کەخاوەنی زۆرترین دانیشتوانی ئیسلامییە، بەفەرمی دانی نا بەئیسرائیلدا وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ، دوای ئەویش ئێران وەك دووەمین وڵاتی موسڵمان ساڵی (١٩٥٠) ئیعترافی بەدەوڵەتی ئیسرائیل کرد. بەم جۆرە پەیوەندییەکان لەچوارچێوەیەکی بچوکی سەربازیی و ستراتیجی و دیبلۆماتی جیاوازەوە گەشەی کرد، بۆ ئەوەی ئیسرائیل ببێتە سەرچاوەیەکی باشی پێدانی چەك و زانیاریی بۆ تورکیا، هاوکاریی سیاسیی و سەربازیی لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا لەسەر بنەمای ئەوەبو کە هەردوکیان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ترس و دڵەڕاوکێی هاوبەشیان هەیە (National defense magazine,2010).

بەگشتی ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٤٨-١٩٨٩) بەقۆناغێکی سنوردار لەپەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو ئیسرائیل ئەژمار ئەکرێت، ڕوانگەی ئیسرائیل بۆ سیاسەتکردن لەو بارودۆخەدا زۆر دژواربو،

بەئامانجی ئەوەی قوتاری بێت لەو ئابڵوقەدان و دابڕاندنەی کەعەرەب سەپاندبوی بەسەریدا، سیاسەتێکی گرتە بەر کەناسراوە بە(ستراتیجی هاوپەیمانی دەوروبەر- peripheral Alliance Strategy) بەم پێودانگە ئەبێت ئیسرائیل جۆرێك لەهاوڕێیەتی و پەیوەندیی هەواڵگریی و دیبلۆماتی لەگەڵ ئەو وڵاتانە دروست بکات، کە بەعەرەبی هاو دوژمن دەوردراون، لەنمونەی ئێران و تورکیاو ئەسیوبیا... ئیتر لێرەولەوێ پەیوەندیی نهێنیشی لەگەڵ ئەو کەمایەتیە نەتەوەییانەی، ئەکەونە ناو جیهانی عەرەبییەوە گرێدا، بەتایبەتی کوردەکانی عێراق، هۆزەکانی باشوری سودان.. بەپێی ئەم ڕێچکەیە لەڕێرەوەی مامەڵە سیاسییەکان بێت، ئێران و تورکیا دوو وڵاتی گەورەی ئیسلامی بون، بەڵام عەرەب نین و، هاوکاری ئیسرائیلیان لە سەرخستنی سیاسەتەکانی دا کردووە، دژی ئەو دەنگ و سەدایانەی، کە دەوڵەتێکی وەك ئیسرائیل شتێکی نامۆیە، بە خاك و کلتوری عەرەبی و دژە بە ئاینی ئیسلام و، زۆر بێنەوبەرەی تر .(Nachmani,1987, p. 46)

هۆکارێکی تری، سووربوبونی ئیسرائیل لە هەبونی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەگەڵ تورکیادا، لەدوای (١٩٤٩)ەوە ئەوەبو، کە تورکیا دراوسێی عێراق و سوریایە، دواجار ئەکەوێتە بەرەیەکی ڕاستەوخۆ لەڕووبەڕوبونەوەی ئەم دوو دەوڵەتە، کە نوێنەرایەتیەکی سەرسەختی بیری نەتەوەیی عەرەب ئەکەن ،کە ئیتر ململانێ لەگەڵ ئیسرائیلدا بونی هەیە بەڵام سنوری نییە.. بەتایبەتی دوای هاتنی حزبی بەعس بۆ سەر حوکم لەعێراقساڵی (١٩٦٣) لەگەڵ سوریا یەکێتیەکی نەتەوەیی ئایدۆلۆژییان دروستکرد ..

لەم سەروبەندەدایە ئیسرائیل زۆر بەگەرمو گوڕییەوە ئیشی لەسەر مانەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا نە ئەکرد ،ئەمە لەو سۆنگەیەی کە تورکیا خۆی وەك مەترسییەك لەسەر ئاسایشی نیشتمانی تەماشای سوریاو عێراقی ئەکرد، بەهۆی کێشەی ئاوی ڕووباری فورات "کە لەتورکیاوە هەڵئەقوڵێت و بەناو خاکی سوریاو عێراقدا ئەڕوات بۆ کەنداوی عەرەبی" ئینجا بەهۆی ئەوەی بەردەوام سوریا داوای هەرێمی ئەسکەندەرونەی تورکی ئەکات و، وەك بەشێك لەخاکی خۆی تەماشای ئەکات. جگە لەمانەش کێشەی ڕاپەڕین و داخوازیی کورد لەباشوری تورکیا، هاندان و پاڵپشتی کردنیان بۆ بەگژاچونەوەی تورکیا، بۆیە ئەم ترسانە پێویستی بونی بەپەیوەندییەکی دوو قۆڵی نهێنی هەواڵگریی و سەربازیی هەبو لەنێوان ئیسرائیل و تورکیادا. بەشێوەیەکی پراکتیکی یەکەمین ڕێککەوتننامەی نهێنی نێوان تورکیاو ئیسرائیل لەساڵی (١٩٥٨) لەمیانەی بەیەکگەیشتنی ڕاستەوخۆی هەردوو سەرۆك وەزیران (عەدنان مەندەریس و داود بنگوریون) بۆ هاریکاری هاوبەشی هەردولا ئیمزا کرا (Nachmani,1987, p. 49).

### ٢-٣-١-١. پەیمانی بەغدا ١٩٥٥

خۆرئاوا، لەدوای جەنگی جیهانی دووەم و، سەرەتای جەنگی سارددا، ئەگەڕا بەدوای ئەوەی بەرەیەك لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ولاّتانی عەرەبی دروست بکات، بۆ بەگژاچونەوەی شیوعیەت و هەژمونی سۆڤیەت لەناوچەکەدا. بۆ ئەم مەبەستەش ویلایەتەیەکگرتوەکان بەپاڵپشتی بەریتانیا ئامانجەکەی خۆی پێکاو. "تورکیاو ئێران و پاکستان و عێراق" پێکەوە لەم پەیمانەدا گردبونەوە و هاوکاری سەربازیی و ئابوریی کران.

گرنگیی پەیمانەکە هەر ڕووبەڕووبونەوەی یەکێتی سۆڤیەت نەبو بەتەنها، بەڵکو دروستکردنی نیمچە بەرەیەکیش بوو لەدەرەوەی ململانێی عەرەب —ئیسرائیل، کە بەیەکێك لەکێشە زیندووەکان ئەژمێردرا لەو سەردەمەدا، بەمانایەکی تر ڕۆڵی هەبوو لەلاوازکردنی ململانێکە بەشێوەیەکی کاتی.

سیاسەتی تورکی، بەرانبەر ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، بە هێڵێکی تەریب ئەڕۆیشت لەگەڵ سیاسەتی نێودەوڵەتی کە نوێنەرایەتی ئەکرا وەك بەرەیەك بۆ بەرگریی لە خۆرئاوا.دوای ئەوەی تورکیا چووە پاڵ پەیمانی باکوری ئەتڵەسی "ناتۆ" لەساڵی (١٩٥٢).. ئیتر ناکۆکی تەواو کەوتە نێوان تورکیاو ولاتانی عەرەبییەوە، بەتایبەتی میسر، ناکۆکیەکە تا ئاستی پەکخستنی تەواوەتی پەیوەندییەکان ڕۆیشت. کارگەیشتە ئەوەی ڕای گشتی لەجیهانی عەرەبیدا تورکیا بە بەکرێگیراو "عمیل" ی خۆرئاوا ناوزەند بکەن، تا دواتر تورکیا سەرکردایەتی پەیمانی بەغداد ی گرتە ئەستۆ، لەهەمان کاتدا شەپۆلێکی نەتەوەیی عەرەبیی سەریانهەڵداو، شێوازێکی تازەیان بەسەرکردایەتی "جەماڵ عەبدولناسر" لەمیسر گرتەبەر (Hamud,2012, p.140).

"ئەگەر تێبینی بکەین، ئەبینین ئەم ڕێککەوتنە لەسەروبەندی جەنگی سارد دا بووەو گرنگیەکی تری ئەوەیە، کە تورکیا و ئیسرائیل لەبەرەی هاوپەیمانان و خۆرئاوان، ڕێك ئەکەون دژی دەستوەردانەکانی یەکێتی سۆڤیەت لەخۆرهەلاتی ناوەڕاست، بەگشتی لەم قۆناغەدا ئەبێت ئیسرائیل و تورکیا و ئێران بەهەموو شێوەیەك تێبکۆشن، هاوکاری ئیستخباراتی و سەربازیی پێشکەشی یەك بکەن، لەپێناو بەگژاچونەوەی سەرهەڵدانەکانی شیوعیەت و بەعسیەت لەخۆرهەلات، کە مەکۆی سەرەکییان لە عێراق و سوریا بووە.."۔

### ٢-٣-١-٢ قەیرانی نۆکەندی سوێس

لە(٢٦ ی تەمموزی ١٩٥٦) حکومەتی میسر بڕیاریدا، نۆکەندی سوێس نۆژەن بکاتەوە، هەرلەسەریشی "سەدی ئەسوانی عالی" دروست بکات، کە داهاتێکی بێشوماری بۆ پرۆژە نەتەوەییەکەی عەبدولناسر فەراهەم ئەکرد. ئەمریکاو ئینگلتەراو ئیسرائیل ڕاستەوخۆ دەستی یان کرد بەدژایەتی کردنی ئەم پرۆژەیەو، لێدان لە حکومەتەکەی عەبدولناسر، جگە لەوەی سۆڤیەت و میسر لە پەیوەندییەکی توندوتۆڵدا بون. بەریتانیاو فەرەنسا نارەزاییان دەربڕی بەوەی ئەم پرۆژەیە هەڕەشەیەکی مەترسیدارە لەسەر ڕێرەوە دەریاییەکانی کەناڵی سوێس.

هەڵوێستی تورکیا، لەبەرانبەر مەسەلەی سوێس بەجۆرێك بوو کە گوزارشتێکی سیاسیی هەبو، پێش ئەوەی قانونی بێت. ئەم خاڵەش بە ڕۆشنی لەنوسینی یەکێك لەنوسەرە تورکەکاندا بەئاشکرا دیارەو ئەڵێت: "ئەگەر ولاّتە زلهێزەکان بواریان بدایە بەشیوعیەت جێی خۆی بکردایەتەوە لەناوچەکانی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست و خواروو، ئەوە ئاسایشی ناوچەکە تووشی مەترسی دەبووەوە، هەروەها ڕۆژئاوا ئەو ناوچە گرنگەی لەدەست دەرئەچوو، ململانێی ئەم ناوچەیەش لەنێوان ڕۆژئاواو عەبدولناسر نەبو، بەڵکو ناسر سێبەری ئەو ململانێیە بوو، وە تەنانەت عەبدولناسر کەناڵی سوێسی دانەخست، بەڵکو بەلاشفەکان "مەبەستی سۆڤیەتە" دایانخست (Hamud,2012,P.144) .

لەکاتێکدا، ویلایەتە یەکگرتوەکان و بەریتانیاو فەرەنسا، خێرا لە لەندەن کۆنگرەیەکیان لە (١٦ ی ئابی ١٩٥٦) ڕێکخست، تیایدا بانگهێشتی (١٤) دەوڵەتیان کردبو، میسر یشیان بانگ کردبو، وە تورکیاش، بەگشتی زۆربەی ولاّتان سەر بە مەعەسکەری خۆرئاوایی بون،

سەرۆکی وەفدی تورکی بەناوی حکومەتەکەیەوە ووتی: "حکومەتی تورکیا بەگەرمی پاڵپشتی وڵاتانی عەرەبی ئەکات، میسر ئازادەو سەربەخۆیەو دوورە لەدوژمنکاریی و فشاری دەرەکی، ئەگەر هەستمان کرد ئایندەو ئازادی میسری لەژێر ترسدایە، ئەوا ئێمەش بەشدارین".

دوای ئەمەش، کۆنگرەیەکی تر لەلەندەن بۆجاری دووەم لە (١٩-٢٠ ی ١٩٥٦) بەسترا. بەسەرۆکایەتی سەلوین لوید وەزیری دەرەوەی بەریتانیا و، بەشداری زۆربەی دەوڵەتان. بێجگە لە سۆڤیەت، تیایدا "جون فوستر دالاس" پرۆژەیەکی بۆ کۆتایی کێشەکە پێشکەش کرد، کە " پێکهێنانی دەستە سوود وەرگرەکانە لە کەناڵی سوێس". ئەم دەستەیە ویلایەتە یەکگرتوەکان و بەریتانیاو فەڕەنسا سەرکردایەتیان کرد وەك دوژمنایەتی سیانی (عدوانی ثلاثی) بەرانبەر میسر.. تورکیاش ئەبێتە یەکێك لەوانەی سوود لەدەستەکە وەرئەگرێت، ئیشی هەیئەتەکە ئەوە ئەبێت ئیدارەی پرۆسەی کاروباری رسومات و هاتوچۆ لە جۆگەی سوێسدا بدات، ئەگەر هاتو میسر رێگەی نەداو، هاوکاری دەستەکەی نەکرد، ئەوا بە ئاشکرا پێشێلکردنی رێککەوتننامەی قوستەنتینیەی ساڵی (١٨٨٨) ە، کە بۆ رێکخستنی رێرەوە ئاوییەکانی کەناڵی سوێس ئەنجامدراوە، ئەوکاتە وڵاتانی خۆرئاوا پەنا ئەبەنە بەر ئەنجومەنی ئاسایش بۆ هێرشکردنە سەر میسر. بۆیە هەستان بە ناردنی دوو کەشتی یەکێکیان بۆ سوێس ئەوەی تریش بۆ پور سەعید، تورکیا پاڵپشتی پرۆژەی سوودمەندبوەکانی سوێس ی کرد، میسر بەهەموو شێوەیەك ڕەتی کردەوە. دوای ئەوەی وڵاتانی خۆرئاوا لەهەموو هەوڵەکانی خۆیاندا سەرکەوتوو نەبون، لە ئیسرائیلەوە لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٦ هێرشیان کردە سەر سنورەکانی میسر(Balci& Kardaş,2012, p. 81).

کێشەی جۆگەی سوێس و پاڵپشتی کردنی تورکیا لەدواییدا بۆ خۆرئاوا و نزیکبونەوەی لە بەریتانیا بۆ ئەوە بو کە : تورکیا ئەندام بو لە پەیمانی بەغدا ١٩٥٥ و یەکێکە لەو ولاّتانەی کە ئەکەوێتە ناو رێککەوتننامەی قوستەنتینیە ١٨٨٨، وە لەساڵی ١٩٥٤ پەیماننامەیەك مۆرکراوە لە نێوان میسر و بەریتانیادا، کە لەیەکێك لە دەقەکانی دا هاتووە "بەریتانیا مافی گەڕانەوەی بۆ میسر هەیە، لەحاڵەتی ئەوەی هەر هەڕەشەیەکی دەرەکی بکەوێتە سەر تورکیاو ولاّتانی عەرەبی " (Smith,2000,P.26).

بەگشتی هەڵوێستی تورکیا لە بەرانبەر دوژمنایەتی سێ قۆڵی رۆڵێکی لایەنگیرانە بووە، وە رۆڵێکیش بووە تەنها لەئاستی لێدوانی بەرپرسانی تورکیادا بووە.

### ٢-٣-١-٣. تورکیا و جەنگی عەرەب- ئیسرائیل ١٩٦٧

لە (٥ ی حوزەیرانی ١٩٦٧) جەنگی عەرەب- ئیسرائیل هەڵگیرسا. هەروەك بە شکستی حوزەیران یان جەنگی شەش رۆژەش ناسراوە، لەنێوان ئیسرائیل و هەریەکە لە میسر و سوریاو ئەردەن، ئیسرائیل هەریەکە لە سیناو جۆلان و کەرتی غەززەو زیفەی غەربی داگیرکرد[١]. دواجار شەڕەکە بووە هۆی تیاچونی (١٥٠٠٠- ٢٥٠٠٠) مرۆڤ لە دەوڵەتانی عەرەبی و،لە بەرانبەردا (٨٠٠) کەس لە ئیسرائیل. وێرانبونی(٧٠-٨٠٪)ی کەرەستەی جەنگی ولاّتانی عەرەبی و، لەبەرانبەردا(٢-٥٪)ی ئیسرائیل (Haikal, 1990, p. 432).لەئەنجامیشدا بڕیاری ژمارە (٢٤٢)ی

---

[١] زیفەی غەربی: ناوچەیەکی جیۆستراتیجی گرنگە لە فەلەستین ئەکەوێتەسەر ڕووباری ئەردەن، ڕووبەرەکەی نزیکەی ٢١٪ی خاکی فەلەستینە.

**ئەنجومەنی ئاسایش دەرچوو، لەپەیوەند بە "کۆنگرەی خەرتوم " تیایدا بنەمایەکی نەگۆڕی شاز هاتە ئاراوە، کە: "نە ئاشتی، نە دانپیانان، نە دانوستان" لەگەڵ ئیسرائیل ئەبێت.**

**بێجگە لەوەی، بەهۆی نەهامەتیەکانی جەنگەکەوە، زۆربەی دانیشتوانی دەوروبەری جۆگەی سوێس لەمیسر کۆچیان کرد، (قەناتی سوێس: ڕێرەوێکی ئاوی دەستکردی ئیزدواجیە، درێژییەکەی ١٩٣کم ە، وەك لینکێکە لەنێوان دەریای سپی ناوەڕاست و دەریای سووردا). ئینجا کۆچکردنی دانیشتوانی پارێزگای قەنەیتەرە لەسوریاو، زیف لەفەلەستین و.. زۆر زیانی تر**(Haikal,1990,P.434).

**گرنگە ئەوە بیر بهێنینەوە، کە سەردەمێك یەهود و عەرەبیش لەخاکی فەلەستیندا، لەژێر فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی عوسمانیدا بون، فەلەستین بەشێك بووە لەخاکی دەوڵەتی عوسمانی، هەتاوەکو دواتر لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید (١٨٨٦-١٩٠٨) دابەشکرا بۆ دوو ناوچە،قودس (ئۆرشەلیم) یەکێکیان بو. قودس گرنگیەکی تایبەتی هەبو لای تورکە عوسمانیەکان، هەزاران حەججاج و گەشتیاری بیانی ڕوویان تێ ئەکرد، کاتێك پیاوە نەخۆشەکە چووە شەڕەوە لەگەڵ ئەڵمانیا دژی هاوپەیمانان، پاشان دەوڵەتی عوسمانی هەڵوەشایەوە، لە ڕێککەوتننامەی (سایکس بیکۆ ١٩١٦) میراتی خەلافەتی عوسمانی کە سوریاو فەلەستین و عێراق بو دابەشکرا بەسەر بەریتانیا و فەڕەنسادا. ئەوسا لە "بەڵێنی بەلفۆر" لە ٢ی نۆڤەمبەری ١٩١٧ دا، بەریتانیا پشتگیری و بەڵێنی خۆی بۆ دەوڵەتێکی یەهودی لەسەر خاکی فەلەستین ڕاگەیاند... لێرەوە جولەکەکانی ژێر دەستەلاتی عوسمانی فرسەتیان بۆ ڕەخسا کۆچ بکەن بۆ**

خاکی فەلەستین "کە ٢٠٠٠ ساڵە بە ناوچەی ڕەسەنی خۆیانی ئەزانن".. کاتێکیش کۆماری تورکیای مۆدێرن بەپاڵپشتی خۆرئاواییەکان و فریادڕەسێتی "ئەتاتۆرك-١٩٢٣" دروستبو. دەها باشتر و ڕێگەکە خۆشتر بو..

بەمشێوەیە ئەبینین، لەساتێکدا دەوڵەتی ئیسرائیل (١٩٤٨) دائەمەزراوە تورکیا دانی پێدا داناوە، بەلاّم کاتێك دوژمنایەتی سێ قۆڵی (ئەمریکا، فەرەنسا، بەریتانیا) دژی میسر هەیە، تورکیا "بەقسەو وتار" پالّپشتی میسرو دەوڵەتانی عەرەبی ئەکات.. کاتێکیش لەساڵی ١٩٦٧ شەڕی عەرەب – ئیسرائیل دەست پێدەکات، تورکیا سیاسەتێکی سەرکەوتوانە پەیڕەو ئەکات بەوەی کە بێلایەنی خۆی ئەپارێزێت، وە نەرمە لەگەڵ هەردوو لایەنی شەڕەکە. بەجۆرێك کە تورکیا پاڵپشتی بڕیاری ژماری (٢٤٢) ی نەتەوە یەکگرتوەکانی کرد، کە ئەبێت ئیسرائیل لەو خاکەی داگیری کردووە لە "جۆلان و سیناو کەرتی غەززەو زیفە" بکشێتەوە (Sleiman,2002,p10).

کاتێك لەکێشەی قوبرس دا، ئیسرائیل بەلای یۆناندا نزیك بۆوە دژی تورکیا لەساڵی ١٩٦٣-١٩٦٤، پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل ڕاڕاییەکی بەخۆیەوە بینی، تا گەیشتە ئەوەی لەجەنگی عەرەب-ئیسرائیل دا، تورکیا دوژمنایەتی ئیسرائیلی بۆ سەر غەززەو زیفە ڕەتکردەوە، داوای کرد ڕێز لە بڕیاری ژمارە (٢٤٢)ی ئەنجومەنی ئاسایش بگیرێت، کەدواتر ئەبێتە هۆی گێڕانەوەی خاکە داگیرکراوەکان (Basl,2010).

### ٢-٣-١-٤. جەنگی ساڵی ١٩٧٣

جەنگی ئۆکتۆبەر، جەنگی چوارەمی عەرەب- ئیسرائیلە، کە لە (٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣) هەریەکە لەمیسرو سوریا لەناکاو هێرشیان کردە سەر سوپای ئیسرائیل لە سیناو بەرزاییەکانی جۆلان دا. ئەم جەنگە لای عەرەبەکان بەجەنگی (١٠ ی ڕەمەزان)و لای ئیسرائیلیەکان بە "جەنگی غوفران" بەناوبانگە. زۆربەی وڵاتانی عەرەبی لەڕووی سەربازیی و ئابورییەوە کۆمەکیان پێشکەش بە سوپای میسری و سوری کرد، یەکێتی سۆڤیەت بەناڕاستەوخۆ دەستی تێوەرداو پاڵپشتی عەرەبەکانی کرد، ئەمریکاش کۆمەکی عیتادو کەرەستەی سەربازیی ئیسرائیلی کرد.

لەکۆتایی جەنگەکەدا، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا "هنری کیسنجەر" نێوەندگیریی سوریاو ئیسرائیلی کردو، گەیاندنی بە ڕێککەوتن و هودنەیەك کە تائێستاش کاری پێدەکرێت. ڕێککەوتنەکە لە(٣١ی ئایاری ١٩٧٤) بووە هۆی گەڕانەوەی سەروەری بۆ کەناڵی سوێس و گێڕانەوەی خاکی دەوروبەری بۆ میسر، گەڕانەوەی پارێزگای قەنەیتەرە بۆ سوریا.. گەڕانەوەی زەویەکانی نیمچە دورگەی سیناو، هەروەها دروستکردنی هێزێکی سەربە نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ چاودێریی کردنی ڕێککەوتنەکە ..

هەڵوێستی تورکیا، لەم جەنگەشدا پاڵپشتی یان ڕووەو جیهانی عەرەبی بوو، چونکە هێدی هێدی تورکیا چاوی بڕیبوە ئەو نەوتەی لە وڵاتانی عەرەبی دا هەیە. بۆیەش دواتر تورکیا دانی نا بەڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی (PLO) دا. (Hashima,2013) .

## ٢-٣-١-٥. توركیاو ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی

توركیا مێژوویيەكی هاوبەشی كەلتوری و كۆمەڵایەتی لەگەڵ گەلی فەلەستین هەیە، لەیەكەم ئەو وڵاتانەیە كە لەساڵی (١٩٧٥) بەفەرمی دانی نا بەڕێكخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی دا. كاتێكیش دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین ساڵی (١٩٨٨) ڕاگەیاندرا لەمەنفا، دیسان توركیا لەپێش هەموو لایەكەوە دانی پیادا ناو. بەفەرمی ناسیتی.

دروستبونی ڕێكخراوی ئازادیخوازیی فەلەستینی، وەك ڕێكخراوێكی سیاسی نیمچە سەربازیی، سوونني، جەماوەریی، لە بارودۆخێكدا بوو كە جیهانی عەرەبی و خاكی فەلەستین لەژێر هەڕەشەی زایۆنیزم و موئامەرەكی دەرەكیدا بو، فەلەستینیەكان پێویستی یان بەدامودەستگەیەك هەبو، كە كاروباری ئیداری و سیاسی و سەربازییان ڕێك بخات لەبەرەیەكدا، بۆیە لەدوای گرێدانی یەكەم كۆنگرەی عەرەبی فەلەستینی لەساڵی (١٩٦٤) بڕیاری دروستبونی درا، لەلایەن نەتەوەیەكگرتوەكان و جامیعەی عەرەبییەوە وەك تاكە نوێنەری ڕێپێدراوی گەلی فەلەستین لەناوەوەو دەرەوە بە ڕەسمی ناسێنرا.

هەمیشە سیاسەتی دەرەوەی توركیا بەرانبەر دەوروبەر، بەتایبەتی لە كەیسی ململانێی عەرەب – ئیسرائیل دا، ئۆقرەیی و جێگیریی بەخۆیەوە نابینێت، لەخاڵێكدا ناوەستێت و تاكتیكیە. بەشێوەیەكی ڕۆتینی دژایەتی ئیسرائیل ئەكات و جارجاریش دان بەدوژمنەكانیدا ئەنێت، تەنانەت ڕێگەش بەڕێكخراوی ئازادیخوازیی فەلەستینی داوە، كە نوسینگەیەكیان لە ئەنقەرە هەبێت، دەنگ بە بڕیارەكەی یوئێن ئەدات كە زایۆنیزم بەبزوتنەوەیەكی ڕەگەزپەرست وەسف ئەكات، توركیا نۆ

**مانگی ڕێك دژایەتی ئیسرائیلی کرد لەسەر مەسەلەی بەیەکەوە لکانی قودس "ئۆرشەلیم" بە ئیسرائیلەوە.. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا،هێشتا ئەنقەرە دوو دڵە و نازانێت ئاخۆ ئەو وڵاتە عەرەبیانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئەندامن لە ڕێکخراوی هەناردەکردنی نەوت (OPEC) چۆن چەکی نەوت بەکارئەهێنن ؟.** (Sleiman,2002,P.10).

## ٢-٣-١-٦. ڕێککەوتنی ئاشتی کامپ داڤید ١٩٧٨- ١٩٧٩

**ئەگەر لەماوەی سالأنی دوای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل تا کۆتایی جەنگی سارد، تیۆری (هاوپەیمانی دەوروبەر-Alliance Parties) بوبێتە بنەمای کارکردن و بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئیسرائیل، ئەوا قۆناغەکانی دوای ئەوە نیشانی ئەدات کە روئیای ئیسرائیل بۆ تورکیا بەئەندازەیەکی کەمیش بێت پشتگوێ خستنی تیانییە، بەتایبەت لە داڕشتنەوەی ئەو پایە گرنگانەی کە سیاسەتی دەرەوە پێك ئەهێنن و،ئەکرێت مامەڵەی پێ بکەن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی قۆناغەکەدا. لەلایەکەوە (شا) لەئێران ڕوخاوەو، کۆماری ئیسلامی بە بەرگێکی جیاوازەوە دەرئەکەوێت ، ئێران لە لیستی دوژمنەکانی دا ئیسرائیل بووە بە ناوی یەکەم، کەچی پێش ڕووخانی شا (١٩٧٩) زۆرترین هاوکاری لەنێوانیاندا بووە..**

**ئیسرائیل زیرەکانە لەگەڵ ڕووداوەکاندا و هەنگاوبەهەنگاو هاوپەیمانی نوێی دۆزیوەتەوەو، نەیهێشتووە لەکاروانی دیبلۆماتی و هەرێمایەتی دابڕێت و لەوناو ئاگردانەدا ئابلۆقەی بدەن، بەنمونە:**

**بەهەوڵ و سەرپەرشتی جیمی کارتەری سەرۆکی پێشووی ئەمریکا و بە ئامادەگی سەرۆکی میسر (ئەنوەر سادات)و سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل**

(موناحیم بیگن)، میسرو ئیسرائیل لەساڵی (١٩٧٨) ڕێککەوتننامەی (کامپ دیڤید- Camp David) یان لە ویلایەتی میریلاندی نەتەوەیەکگرتوەکانی ئەمریکا ئیمزاکرد..هەمان ساڵیش سەرۆکی هەردوو وڵات خەڵاتی نۆبڵ یان بۆ ئاشتی وەرگرت.

ئەگەرچی میسر کەوتە بەر ڕەخنەو تانەیەکی زۆر لەلایەن جامیعەی عەرەبییەوە، دواتریش هەر ئەم نزیکبونەوەیە، ساڵی (١٩٧٩) ڕێککەوتننامەی ئاشتی نێوان میسرو ئیسرائیلی هێنایە ئاراوە، ڕێککەوتننامەی ئاشتی وەك قەرەبویەك هات کە شێوەیەکی ڕونترو گرەنتی دار بداتە پەیوەندییەکانیان، چونکە لەدوای ئەوەی ئێران وەرچەرخانێکی بەخۆیەوە دیوەو، بەئایدۆلۆژیایەکی ئیسلامیەوە ئەڕوانێتە ئیسرائیل و، وەك دەوڵەتی گەلی جولەکە ئەیناسێنێت، بۆ ئەم مەبەستە بەلای ئیسرائیلەوە میسر هەر بەتەنها گەورەترین دەوڵەتی عەرەبی نییە کە گرنگ و مەترسیداربێت، دراوسێی ئیسرائیلیشە، بەڵکو نفوسێکی بەرفراوانی لەجیهانی ئیسلامی دا هەیە بەهۆی دامودەزگا ڕەسەن و بەناوبانگەکانیەوە لەسەرووی هەموویانەوە "ئەزهەر" (Inbar,2011,p.2).

## ٢-٣-٢. پەیوەندییە ئابورییەکان

### ٢-٣-٢-١. ئاستی پەیوەندیی لە شەراکەتی ئاو دا (میدان شراکە مائیە)

بەئاشکرا دیارە، لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ململانێیەك لەسەر "ئاو" هەیە، کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ئاسایش و ئارامی ئەبێت، بەتایبەت کەمبونەوەی سەرچاوەکانی ئاو لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە، بزانە هەر تاکێك ساڵانە چەند ئاوی پێویستە بۆ خواردنەوە، بۆ ششتنی

ئۆتۆمبیل و کەلوپەلی جۆراوجۆر، بۆ کشتوکاڵ، بۆ بەرهەمهێنانی کارەباو پیشەسازیی سوك و قورس. بۆیە ئاو بۆتە بابەتێك لە ڕەهەندەکانی ئاسایشی نیشتمانی و سیاسەتی دەرەوە بۆ بەرقەراربونی ئارامی لەناوەوە. تورکیا سەرچاوەی ووزەی نەوت و گازی سروشتی نییە ،بەڵکو کاروانسەراو تەرمیناڵێکە کە لەدەوروبەرەوە ووزە بگەیەنێتە جیهان، کارێکیش کە تورکیا لێرەدا پێی هەڵساوە بەکارهێنانی ئاوە وەك کارتێك بۆ فشاری سیاسیی لەسەر ناوچەکە و بەدیاریکراویش "سوریاو عێراق". چونکە تورکیا شوێنی هەڵقوڵانی هەردوو ڕووباری دیجلەو فوراتە "هەردوکیان لەشاخەکانی تۆرۆس و لە ئەنادۆڵەوە هەڵدەقوڵێن" و بە عێراق و سوریادا تێ ئەپەڕن.

بۆ ئەم مەبەستە، دوای ئەوەی تورکیا نێردراوی خۆی نارده ئیسرائیل لە ساڵی (١٩٨٩) تا سوود لەشارەزایی و پاڵپشتی تەکنیکی و هونەریان وەربگرێت، ئیسرائیلیش وەفدێکی خۆی لەکەسانی پسپۆڕ لە بوارە جیاوازەکانی، ئاسایشی خۆراکی و، پاککردنەوەی خاك و چاکسازیی لە زەوییە کشتوکاڵیەکان نارده ئەنقەرە.

بەڵام !. بەزانینی ئەوەی پرۆژە ئاوییەکانی تورکیا بەنیازە دەستی یان بداتێ و، داوای توانا و شارەزایی لە ئیسرائیل ئەکات، لە ڕاستیدا ئەمە خۆی بەرنامەو پرۆژەی بنەڕەتی ئیسرائیل خۆیەتی ،ئیسرائیلە عەیامێکە دروشمی "لەنیلەوە بۆ فورات" ی بەرزکردۆتەوە. لەم پلان و هێڵکارییەدا دواجار ئەوە دێت کە ئاو لە تورکیاوە بگوێزرێتەوە بۆ ئیسرائیل. بۆیە یەکسەر جامیعەی عەرەبی بەمەی زانی و، ترس و دڵەڕاوکێی بەرانبەر هاریکاریی تورکی – ئیسرائیلی دەربڕی (Report and Information,2010,p.25).

تورکیا له (حوزەیرانی ١٩٨٧) دا، لەسەر زاری ڕاوێژکاری سەرەکوەزیران بۆ کاروباری دەرەوە "جیم دونا" پرۆژەی بۆڕییەکانی ئاشتی ڕاگەیاند. ئەمەش لەمیانەی کۆنگرەی سێهەمی سەنتەری لێکۆڵینەوەی زانکۆی جۆرج تاون ی ئەمریکیدا، وەك ئاماژەیەك بۆ بایەخی گەشەپێدانی پەیوەندیی ستراتیجی و نێودەوڵەتی و ئابوریی لەنێوان وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆ قازانجێکی هاوبەش لەسەرچاوەکانی ئاو، ئەگەرچی ئەم پرۆژەیە پێشوتر لەلایەن ئەندازیارێکی ئیسرائیلیەوە "Elish Cali" یەوە لەساڵی (١٩٧٤) بەناوی "ئاوی ئاشتی" پێشنیارکرابو، بەئامانجی پڕکردنەوەی پێداویستیە ئاوییەکان لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتیش سوریا و، ئەردەن و، ئیسرائیل. لەسەر ئاوەکانی هەردوو ڕووباری سەیحان و جەیحان Nehir Seyhan ve Ceyhan ی تورکی پرۆژەکە بەئەنجام بگەیەنن. بەڵام کارەکە سەرکەوتوو نە بو، چونکە هەم تێچوویەکی زۆری هەبو، دووری ٢٦٥٠ کم و ٢١ ملیار دۆلاری تێ ئەچوو، ساڵانە توانای ناردنی ٦ ملیۆن مەتر/ سێجا ئاوی هەبو، وە دەشێت لەوکاتەدا گرفتێکی ئەمنی دیکە لەناوچەکەدا دروست بکات، بۆیەش وڵاتانی عەرەبی ڕەتیان کردەوە (Ghoul,2011,P.28).

دوای ئەوەی پرۆژەی بۆڕییەکانی ئاشتی سەرکەوتو نەبو، ئەندازیارێکی تری ئیسرائیلی "بەواز ئەتشل-Boaz atchel" پرۆژەیەکی خستە ڕوو، کە هێشتا ئیسرائیل توانای هاوردەکردنی ئاوی لە تورکیاوە ماوە، بۆ ئەمەش پەیمانگەی دیراساتی ئیسرائیلی لە نیۆرك پرۆژەکەی ناونا "کەناڵی ئاشتی". ئەم پرۆژەیە لەسەر درێژیی دوو بۆڕی ئاو لە دەریاچەی ئەتاتۆرك یان لەدوو ڕووباری سەیحان و جەیحان بەسەر

ڕووباری فورات دا ئەباتە بەرزاییەکانی جۆلانی سوریا.لێرەدا پرۆژەکە لەشێوەی نیمچە دەریاچەیەك دروست ئەبێت، بە درێژی (٦٠) کم و پانی (٦٧٠)م.. پرۆژەکە لەباکورەوە بۆ باشور درێژ ئەبێتەوە، وەك بەربەستێکی ئاویی لێدێت لەنێوان سوریاو ئیسرائیل دا. دوو بۆڕییەکە ئەبێتە دوو لقەوە، یەکێکیان بەئاڕاستەی ڕۆژئاواو "دەریاچەی تەبەری" لەبەرژەوەندیی ئیسرائیل ئەبێت، ئەوەکەی تریش بەئاڕاستەی ڕووباری یەرموك لەپشت "بەنداوی وەحدە" ەوە لەبەرژەوەندیی سوریاو ئەردەن (Al-Deen&Al-Ali,1997,p118).

ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیەش ئەوەیە:

١- ئەم کەناڵە بۆ لایەنی ئەمنی ئیسرائیل گرنگە، بەربەستێکە لەجۆلان و باشترکردنی ڕووباری ئەردەن لەبەرانبەر ئەو پاشەکشەیەی ئەمدواییەی کە لەبەرزاییەکانی جۆلان و زیفەی غەربییەوە کردی.

٢- پاراستن و دەست پێوەگرتنی کوالێتی ئاو و بڕی زیادەی ئاویشە لە ناوچەکەدا، وە دابەشکردنیەتی بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر هەر چوار لایەنەکەدا " سوریا، ئەردەن، زەوییەکانی فەلەستین و، ئیسرائیل".

٣- بەرهەمهێنانی ووزەی کارەبایی بەبێ پیس کردنی ژینگە لەسەری، بەبڕی ١٠٠ مێگاوات.

٤- زامنکردنی چوارچێوەیەکە بۆ ڕێوشوێنە ئەمنیەکان، وە ئاو لەناوچەکەدا.. وەکو چارەسەرێکە لەسەر بنەمایەکی هایدرۆلۆجی و ئەمنی (Al-Deen&Al-Ali,1997,P.198).

"بەڵام ئەم پرۆژەیە مەترسی خۆشی هەیە، توانایەکی ڕێژەیی ئەدات بە ئیسرائیل کە حوکم بە ئاوی فورات و جۆلانەوە بکات، بێجگە لەوەی ئەبێتە هۆی دەوردان "حەسر"ێکی سوریا بە ئاو. سنورێکی ئاویی جێگیر

و بۆهەتا هەتایە دروستەکات وەکو هێڵێکیشە بۆ ڕێککەوتنێکی تازە. ئینجا کاتێك ئیسرائیل بەم شێوەیە بەردەوام ئاو لەفورات وەربگرێت، بێگومان لەئایندەدا ئەو عێراقەی بەدەست گێژەڵۆکی شەڕی مەزهەبیەوە ئەناڵێنیت و، سەرقاڵە، تووشی قەیرانێکی گەورەی ئاو ئەبێتەوە"

## ٢-٣-٢-٢. پرۆژەی ئەنادۆڵی گەورە (گاپ-GAP)

پرۆژەی باشوری ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ GAP (Güneydoğu Anadolu Projesi) یەکێکە گرنگترین پرۆژەکانی گەشەپێدانی باشوری ئەنادۆڵ، سەرەتاکەی ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دامەزراندنی کۆماری تورکیا، لەمیانەی خستنەگەڕی ویستگەکانی وەبەرهێنانی ووزەی کارەباو، هەڵبەستنی چەندین بەنداو لەسەر ڕووباری فورات لەساڵی (١٩٣٠)، بەپێی حکومەتە یەکلەدوای یەکەکانی تورکیا، لەهەموو سەردەمەکاندا لێکۆڵینەوەو، پلانی وورد دانراوە، بیرلەوە کراوەتەوە کە چۆن بتوانن سوود لە ئاوەکانی باشوری ئەنادۆڵ (فورات) وەربگرن، وەك پرۆژەیەکی نیشتمانی و ئابوریی زەبەلاح بیخەنە گەڕ، تا ساڵی (١٩٨٦) دامەزراوەیەك بۆ کاروباری ئاویی تورکیا دەستبەکاربو، لەسەر ئەم بنەمایەش حکومەتی تورکیا گوێی بۆ پرۆژەکەی ئەم دامەزراوەیە گرت و، ئیدارەیەکی تایبەتیشی بۆ پرۆژەکە بەناوی "بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی باشوری ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ" کردەوە. وەزیرێکیشی لەسەرۆکایەتیەوە بۆ دیاریکرد، بەناوی وەزیری کاروباری باشوری ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ (Tsakalidou, 2013).

پرۆژەی گاپ، گەورەترین و پڕ بایەخترین پرۆژەیەکە، کە حکومەتی کۆماریی لە تورکیا لەمێژووی خۆیدا تەماحی تێ کردبێت،بەڕێژەی

**(٨٠٪) پشت ئەبەستێت بەئاوی فورات، (٢٠٪)یشی لەسەر ئاوی دیجلە ئەبێت، ئەم پرۆژەیە چەندین پارێزگاو ناوچە ئەگرێتەوە (کە زۆربەیان شارە کوردییەکانن) وەکو : باتمان، دیاربەکر، سرت، لکس، ماردین، غازی عەنتاب، شانلی ئەدەرنە" .. (٩،٧٪)ی ڕووبەری تورکیا ئەگرێتەوە، هەروەها (٢٠٪)ی زەویی کشتوکاڵی تورکیا لەخۆ ئەگرێت، کە ئەکاتە (٥،٨) ملیۆن هێکتار[٢].**

**گاپ، دەشتێکی بەرفراوان لە حەوزەی فورات و دیجلە ئەگرێتەوە، لە زووەوە بەم ناوچەیە وتراوە مانگی بە پیت " هلال خصیب"، بەوە ناسراوە کەلانکەی شارستانیەتە لەمێژووی مرۆڤایەتیداو، لێرەوە بەشەریەت و شارستانیەت گوازراوەتەوە بۆ شوێنەکانی تری جیهان. لەهەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە ئەم پرۆژەیە بۆتە پرۆژەیەکی گەورەی هەرێمی ئابوریی فرە ڕەهەند، وەکو: کەرتی ئاودێریی و وەبەرهێنانی کارەبا، کشتوکاڵ و پرۆژەی هایدرۆکارەبایی و ژێرخانی ئابوریی پەروەردەیی و تەندروستی و گەشتوگوزاریی. تا ئێستا پلان بۆ دانانی (٢٢) بەنداوی گەورە لەچوارچێوەی وەبەرهێنانی سەرچاوەکانی ئاو لەگەڵ (١٩) ناوەندی هایدرۆکارەبایی لەسەری دانراوە (Unver,1997,P.459).**

**هەرلەسەرەتاوە تا کۆتا ساتەکانی نوسینی ئەم توێژینەوەیە (٢٠١٥): بڕی (٣٢) ملیار دۆلاری تێچووە، هێزی گشتی لەوەبەرهێنانی ووزە لەم پرۆژەیەدا (٧٤٧٦) مێگاواتە، ئەمەش یانی بەرهەمی ساڵانەی ووزەی تیا ئەگاتە (٢٧) ملیار مێگاوات لە کاتژمێرێکدا. لەهەناوی خۆیدا ئەم پرۆژەیە دابەشکراوە بۆ (١٣) پرۆژەی سەرەکی، کە (٧) یان لەسەر**

---

[٢] **هیکتار: یەکەی پیوانەکردنی زەوییە لەسیستەمی نێودەوڵەتی دا، هەر (١) هێکتار یەکسانە بە (١٠٠٠٠) کم چوارگۆشە، کە بەرانبەرە بە (٤) دۆنم زەوی .**

ڕووباری فوراتە، (٦) یان لەسەر دیجلەیە، ڕووبەرەکەیان بەگشتی (٦،٧٦) ملیۆن دۆنم زەوییە.

پرۆژەی گاپ، هەتا بڵێی بەشداری ئەکات لەخزمەتکردنی ئامانجەکانی زامنکردنی ئارامی کۆمەڵایەتی و گەشەی ئابوریی و، کەرتەکانی: گەیاندن، کشتوکاڵ و ئاودێریی، گەشتوگوزار، نیشتەجێ بون، هەلی کار، تەندروستی،پەروەردەو فێرکردن و هەستانەوەی نەتەوایەتی تورکی. دیزاینکردنی پرۆژەکە لەسەردەستی پسپۆڕی ئاودێریی ئیسرائیلی (شارۆن ئالوزوروف) دانراوە. ئەندازیارەکەشی (یوشع کالی) ئیسرائیلیە. پرۆژەکە کاریگەرییەکی زۆر لەسەر کەمکردنی پشکی ئاوی عێراق و سوریا دائەنات، ئاوی فورات (٤٠٪) لەسوریاو (٧٥٪) لە عێراق کەم ئەکات.. پرۆژەکە مەترسیەکی گەورەیە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبی، ئەکرێت ئەمە یەکێکی تر بێت لەکارتەکانی ئیسرائیل بۆ لە قاڵبدانی جیهانی عەرەبی، تا وڵاتانی عەرەبی ناچاربکات پێویستیان پێی بیت و هاوپەیمانی لەگەڵ ببەستن.

لەمیانەی سەردانێکی وەزیری بازرگانی و پیشەسازیی ئیسرائیل بۆ ئەنقەرە لە (٢٥ی ئازاری ١٩٩٨) سەرپەرشتی کۆبونەوەی لیژنەی هاوبەشی ئابوریی نێوان تورکیاو ئیسرائیلی کرد و گوتی:" تورکیاو ئیسرائیل هاوکاری تەواو لەنێوانیاندایە بۆ پرۆژەی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، ئیسرائیل کەسانی شارەزای خۆی لەبواری ئاودێریی و کشتوکاڵ ناردووە بۆ پرۆژەکەو، هەموو تەکنیکێکی پێشکەوتوو بۆ ئەو دوو بوارە بەکارئەهینێت" (Ghoul,2011,p.3 ).

## ٢-٤. پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان لە ١٩٨٩-٢٠٠٢

### ٢-٤-١. پەیوەندییە سیاسیەکان

لەنێوان ساڵی (١٩٩٠-١٩٩٢) دا، گۆڕانکارییە سیاسیی و ئابوریی و سەربازییەکان بەڕوونی لەجیهان، وە لەئاسیاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەرکەوتن:

تیایدا پرۆسەی ئاشتی نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل لە کۆنگرەی مەدرید دا، ڕەنگدانەوەی باشی هەبو، کە بەسەرپەرشتی جۆرج بوشی باوك، ساڵی (١٩٩١) لەئیسپانیا کۆنگرەی مەدرید بەسترا، کۆنگرەکە دوو قۆڵی لەنێوان ئیسرائیل و هەریەکە لەو وڵاتە عەرەبیانەی ڕاستەوخۆ کێشەیان هەیە (سوریا، لوبنان، ئەدرەن، فەلەستین) ئەنجام درا. تەنانەت زۆربەی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی بەشێوەیەك لەشێوەکانیش ئاماژەیان بەوە کرد کە قبوڵیانە ئیسرائیل وەك دەوڵەتێك لەناوچەکەدا بێت و، مامەڵەی لەگەڵ ئەکەن، بگرە گفتی یان دا کە ململانێی عەرەب- ئیسرائیل هەڵبگرن و کۆتایی پێ بێت..

ئینجا هەر لەم ماوەیەدا یەکێتی سۆڤیەت لە(١٩٩١) هەڵوەشایەوە... کۆتایی بەجەنگی کەنداوی دووەم هات.. پەیوەندییە ئابورییەکانی وڵاتانی عەرەبی و تورکیاش کەم بوبۆیەوە. کێشەی سیاسیی نێوخۆیی و دەرەکی لەتورکیا دەرکەوتن. ئەمانە هەموو وای کرد، کە لەمەولا تورکیا و ئیسرائیل گورج بگەنە یەك و هاریکاری خێرا خێرای یەکتری بکەن و، ڕێککەوتننامەی ستراتیجی ببەستن (Report and Information,2010,P.18).

دواجاریش، لەبەرئەوەی لەهەموو بارێکدا، ئەوە ڕوونە کە " ململانێی عەرەب- ئیسرائیل" ململانێیەکە بونی هەیەو سنوری نییە، بۆیە لەڕووی ئەمنییەوە تورکیا گرنگیەکی بەرچاوی بۆ ئیسرائیل هەیە:

لەمە بەدواوە گۆڕانکارییەکان بەخێرایی بەئەنقەرەدا تێپەڕین، تورکیا ڕایگەیاندبو، کە لەدەرهاویشتەکانی کۆنگرەی مەدریدەوە، ڕادەی پەیوەندییە دیبلۆماتییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل بەرز ئەکاتەوە بۆ ئاستی باڵوێزخانە. لە(حوزەیرانی ١٩٩٢)دا، وەزیری پێشوی گەشتوگوزاری تورکیا "عەبدولقادر ئەتاش -Abdul Kadir Ates" سەردانی ئیسرائیلی کردو، هەردولا ڕێککەوتننامەیەکیان بۆ ئاسانکاری لەکەرتی گەشتوگوزارو هاتوچۆدا ئیمزاکرد. لە(نۆڤەمبەری ١٩٩٣)یشدا، وەزیری دەرەوەی تورکیا سەردانی ئیسرائیلی کردو لەگەڵ هاوتا ئیسرائیلیەکەی، یاداشتێکی لێك تێگەیشتنی بەرفراوانیان بۆ هاوکاری لەزۆربەی بوارەکانی گەشتوگوزار و ئاڵوگۆڕی ئابوریی و زانستی و سەربازیی دا ئیمزاکرد. ڕێکیش کەوتن پێکەوە هەوڵی هاوبەشیان هەبێت لەپەیوەندی گرتن لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا (Abdul Aziz,2014) .

لێرەدا ئەبینین، هەرچەندە حزبی ئیسلامی لەتورکیا گەشەی سەندو، بە سەرۆکایەتی نەجمەدین ئەربەکان باوکی ئیسلامی سیاسیی و سەرۆکی حزبی ڕەفاهی تورکی ساڵی (١٩٩٦) هاتنە سەر دەستەلاَت، بەلاَم پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو ئیسرائیل بەردەوامییان بەخۆیەوە بینی ، ئەربەکان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بو لەماوەی (حوزەیرانی ١٩٩٦- حوزەیرانی ١٩٩٧) لەبیروبۆچونەکانیدا هەمیشە وەك کەسێکی دژ بە خۆرئاواو ئیسرائیل ناسراوەو بانگەشەی نزیکبونەوە لەجیهانی ئیسلامی ئەکات. لەهەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکەیدا هەندێ دەستەواژەی وەك

" قودس ڕزگارئەکەین" و" ڕێککەوتننامەکان لەگەڵ ئیسرائیل ڕەت ئەکەینەوە" ی بەکارئەهێنا. ئەگەرچی ڕەوشی سیاسیی تورکیا لەساڵانی ڕابردودا چەندین کودەتای بەخۆیەوە بینی بو، لەدوای هاتنی ئەربەکانەوە دەستەڵات لەتورکیا دابەش بوبو، سوپاو سەرکردە سەربازییەکان عیلمانین، دەستەڵاتیش ئیسلامیەو کارلەسەر بنکۆڵکردنی سیکۆلاریزم لەتورکیاو برەودان بە ڕادیکالیزمی ئیسلامی ئەکات (Akgün Gündoğar& Görgülü 2014,p. 3).

## ٢-٤-٢. پەیوەندییە ئابورییەکان

لەناوەڕاستی نەوەدەکاندا، تەنها گرێبەستی تازەکردنەوەی فرۆکە جەنگیەکانی تورکیا لەلایەن ئیسرائیلەوە، لەنێوانیاندا جۆری (فانتۆم F-4) بایی (٧٠٠) ملیۆن دۆلار بووە. هەروەها تورکیا (٦٨٨) ملیۆن دۆلاری بۆ کڕینی تانك و دەبابەی (M-60) و جۆرەها چەکی پێشکەوتووی تر داوە بە ئیسرائیل (Inbar,2010,28).

ڕۆژنامەی ئۆرشەلیم پۆست لە(حوزەیرانی ١٩٩٠) بلاّوی کردۆتەوە، کە (١٦) پسپۆڕی ئیسرائیلی لەبواری سەرچاوە ئاوییەکان، ڕاپۆرتێکیان داوە بەسەرۆك وەزیران "ئیسحاق شامیر" لەبارەی کێشەی کەمی ئاوی ئیسرائیل بۆ پێداویستیە جۆربەجۆرەکان، تیایدا ئاماژە بە ڕێککەوتنێکی درێژخایەن ئەکەن لەگەڵ تورکیا بۆ کڕینی (٢٥٠- ٥٠٠) ملیۆن مەتر سێجا لەهەر ساڵێکدا، بەنرخی (٢٢،٣) سەنت بۆهەر (١) یەك مەتر سێجا، ئاوەکەش لەڕێگەی خەزانەی ئێجگار گەورەوە " کە هەریەکێکیان یەك ملیۆن مەتر سێجا ئەگرێت" بەهۆی کەشتی تورکی و کۆمپانیای (میدۆسا) ی کەنەدییەوە، لە دەریای سپی ناوەڕاستەوە ئەگوێزرێتەوە بۆ ئیسرائیل ( Al-Zameri,2002,p.29 ).

چەندین وتووێژو سەردان لەنێوان هەردولادا هەبووە، بۆ ڕێککەوتن لەسەر پرسی فرۆشتنی ئاو بە ئیسرائیل، لە(حوزەیرانی ١٩٩٥) وەزیری کشتوکاڵی ئیسرائیل سەردانی ئەنقەرەی کرد، لەساڵی (١٩٩٦) سەرۆکوەزیرانی تورکیا "دەمیرێل" سەردانی ئیسرائیلی کرد، هەمان ساڵ سەرۆکی ئیسرائیل سەردانی تورکیای کردەوە، تا دواتر لە (١٤/٧/١٩٩٩) لەمیانەی سەردانێکی سلێمان دەمیرێل بۆ ئیسرائیل لیژنەیەکی هاوبەشیان بۆ شێوازی گواستنەوەی ئاوەکە، بەڕێگەی بەکارهێنانی بۆڕییەکانی نەوتی ژێر دەریادا پێکهێنا، دواتریش ئێهود باراك لە (٢٥/١٠/١٩٩٩) سەردانی تورکیای کرد، ڕایگەیاند: دوای ئەوەی لیژنەیەکی هاوبەشیان پیکهێناوە، بۆ هاوردەکرنی برێك لەئاوی تورکیا، گەیشتونەتە ئەنجام و، تێچووی پرۆژەکەش بڕی (١٥٠) ملیۆن دۆلار ئەبێت. لە(٢٦/١/٢٠٠١) یش تورکیاو ئیسرائیل پرۆتۆکۆلێکیان ئیمزاکرد، کەتورکیا ساڵانە بڕی (٥٠) ملیۆن مەترسێجا ئاو بەئیسرائیل ئەفرۆشێت (Al-Zameri,2002,p.30) .

بەگشتی ئامانجی تورکیا لەپەیوەندییە ئابورییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل، دۆزینەوەی دەستکەوتیکی ئابوریی گرنگ بو، تا کورتهێنانی ئابوریی و بازرگانیەکەی خۆی پێ چارەسەربکات، چونکە لەماوەی ساڵانەی نەوەدەکاندا، تورکیا تووشی گەورەترین قەرزی دەرەکی و نێوخۆیی بوو بوەوە، بەڵکو ئیسرائیل کاریگەرییەك بخاتە سەر ویلایەتە یەکگرتوەکان کە هاوپەیمانی ستراتیجی یان هەیە، تا پێکەوە تورکیا لەم قوڕو چڵپاوە دەربهێنن. تورکیا لەساڵی (٢٠٠٠) دا (٤٢٦) ملیار دۆلار قەرزاربو، سەرباری سووی ساڵانەکەشی، بەشێوەیەك ئەو قەرزانەی کە کردبوی هیچیان بۆ پرۆژەی بونیادی و خزمەتگوزاری بەکار نەهێنرابون. ئەمەش بەگەورەترین قەیرانی ئابوریی ئەژمێردرا لەدوای جەنگی جیهانیەوە،وڵاتێك تووشی بوبێت.

ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ئابوری لەنێوان ئەنقەرە و تەلئەبیب، لە(١٣) بواردا خۆی ئەبینێتەوە: (١١) یان ڕێککەوتنی سەربازیی و ئەمنی و ئاڵوگۆڕی چەك و تەکنەلۆژیای پیشکەوتووە، (٢) دانەشیان لەبواری کشتوکاڵ و ئاوو پەموو دایە، لەساڵی (١٩٩١) ئاڵوگۆڕی (١٠٠) ملیۆن دۆلار لەنێوانیاندا بووە، لە(١٩٩٥) گەیشتۆتە (٤٤٥) ملیۆن دۆلار، لەساڵی (٢٠٠٠)دا بەهۆی پێگرتنی کارگەکانی پیشەسازیی خۆراك و پێویستی ولاتانی ئاسیای ناوەڕاست، ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ئەنقەرەو تەلئەبیب گەیشتە (١) ملیار دۆلار. لەهەمان ساڵدا ئەم دوو دەوڵەتە دەستی یان کرد بە دروستکردنی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا بەهۆی غازی سروشتی ڕووسیەوە، کە بەتورکیادا ئەڕوات بۆ ئیسرائیل. تەنها نرخی ئەم ڕێککەوتنەیان بایی (٨٠٠) ملیۆن دۆلار بووە (Ghaul,2011,p. 41). ئەمە سەرباری ئەوەی ژمارەی گەشتیاری ئیسرائیلی بۆ تورکیا لە ساڵی (١٩٩٦) دا (٣٠٠٠٠٠) سێ سەت هەزار گەشتیاربووە، لە (٢٠٠٠) ئەم ژمارەیە ئەبێتە (٣٥٠٠٠٠) هەزار گەشتیار، داهاتەکەی بۆ خەزێنەی تورکیا نزیکەی (٣٠٠) ملیۆن دۆلار بووە (Yafuz,1998,p.67).

ئەم خشتەیەی لای خوارەوە، قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان تورکیاو ئیسرائیل ڕوون دەکاتە لەماوەی (١٩٩١-٢٠٠١)

(Abu-Mutllaq,2011,57) ..

| ساڵ | هەناردەی ئیسرائیل بۆ تورکیا | هەنلردەی تورکیا بۆ ئیسرائیل | بارزرگانی گشتی بە $ |
|---|---|---|---|
| ١٩٩١ | ٦٢،٥ | ٤٦،٥ | ١٠٩ |
| ١٩٩٢ | ٧٨ | ٧٨،٦ | ١٥٦،٦ |
| ١٩٩٣ | ٩٧ | ٩٠ | ١٨٧ |
| ١٩٩٤ | ١٢١ | ٨٠ | ٢٠١ |
| ١٩٩٥ | ١٢٦ | ١٧٨ | ٣٠٤ |
| ١٩٩٦ | ١٦٧ | ٢٤٠ | ٤٠٧ |
| ١٩٩٧ | ١٩٢ | ٢٥٤ | ٤٤٦ |
| ١٩٩٨ | ٢٣٤ | ٣٩٢ | ٦٢٦ |
| ١٩٩٩ | ٢٨٣ | ٤٨٠ | ٧٦٣ |
| ٢٠٠٠ | ٢٩٨ | ٥٨٥ | ٨٨٣ |
| ٢٠٠١ | ٥٠٣ | ٦٢٢ | ١١٢٥ |

بەپێی خشتەکە ئەبینین، پەرەسەندنێکی گەورە لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ئابوری لەنێوان هەردوو وڵاتدا هەبووە، لەماوەی (١٩٩١-٢٠٠١).. قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان تورکیاو ئیسرائیلدا لە ساڵی

(٢٠٠٠) نزیکەی (١) ملیار دۆلار بووە، هەردوو ولآت لە (٢٠٠٠) کەوتنە ڕێککەوتنێکی بازرگانی بە دروستکردنی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا، بەهۆی غازی سروشتی ڕووسیەوە بۆ ئیسرائیل دەڕۆیشت. هەر ئەم ڕێککەوتنە بایی (٨٠٠) ملیۆن دۆلار بو.

### ٢-٤-٣. پەیوەندییە سەربازییەکان

سالآنی نەوەدەکان، بە بەهێزترین و گەرموگوڕترین قۆناغی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو ئیسرائیل دائەنرێت، لەساڵی (١٩٩٠) ەوە، تورکیا ڕێگەی بە ئیسرائیلدا کە وێستگەی جاسوسی و هەواڵگریی و ئەمنی دابنات لەسەر ولآتانی دراوسێ، بەتایبەت ئێران و عێراق و سوریا...تەنانەت لەماوەی جەنگی کەنداودا تورکیا ڕێگەی بەفڕۆکە ئیسرائیلیەکاندا لەفڕۆکەخانە سەربازییەکانییەوە کاری جاسوسی بکات بەسەر عێراقەوە، بەجۆرێك هەموو دەرگاکانی تورکیا بۆ ئیسرائیل لەسەر پشت بو تا جاسوسی بەسەر عێراق و سوریاو ئێران و ناوچەکانی ترەوە بکات،سەرۆك ئەرکان و بەرپرسانی هەواڵگریی تورکیاو ئیسرائیل بەردەوام لەسەردان و گفتۆگۆ و ئیمزاکردنی بۆندی گرنگدا بونە.. ساڵی (١٩٨١) لەکردەیەکدا "عملیە بابل" فڕۆکەئیسرائیلیەکان پەلاماری ناوچەکانی دروستکردنی چەکی ئەتۆمییان لەعێراقداو، کارگەی "ئۆزیراك" یان وێرانکرد(Yafuz, 1998, P.63). بێجگە لەوەش ئیسرائیل سەرکەوتوانە ئەو زانا عەرەبانەی لەناوبردووە کە ئەندازیاری دروستکردن و بونیادنانی بۆمبی ئەتۆمی و گەردیلەیین.

عیزەر وایزمان سەرۆکی دەوڵەتی ئیسرائیل لە (٢٥ی کانونی دووەمی ١٩٩٤) سەردانێکی سێ ڕۆژەی بۆ تورکیا ئەنجامداو، تیایدا بەدواداچونی

بۆ هەموو ڕێوشوێنانە کرد، کەپێویستە لەگەڵ تورکەکاندا بیگرنە بەر، تاوەکو پەیوەندییەکانیان هەموو بوارەکان بگرێتەوە .. هەر لە (ئازاری ١٩٩٤)دا سەرۆك وەزیرانی تورکیا "تانسۆ تشیلەر" سەردانی ئیسرائیلی کرد، کۆمەڵێك ڕێککەوتنی سیاسیی و ئابوریی و سەربازیی ئیمزاکرد .(Okasha& Abdul Qadir,2010)

لەساڵی (١٩٩٦) دیسان سەرۆك کۆماری تورکیا سلێمان دەمیرێل سەردانی ئیسرائیلی کردو، وەك وەڵامێك بۆ ئەم میوانداریيانە شیمون پیریس سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل و وەزیری دەرەوە سەردانی تورکیایان کرد...لەگەڵ چڕبونەوەی یەکتر بینینیەکان و ئاڵۆگۆرکردنی بیروڕاکاندا، هەرجارەو ئیمزایان لەسەر چەند ڕێککەوتنێك کرد، کە تیایدا تورکیاو ئیسرائیل ساڵی (١٩٩٦) ڕێککەوتننامەی ستراتیجی سەربازیی درێژخایەنیان ئیمزاکرد، نوێکردنەوەی فرۆکەی F-5 و سیستەمی ئاگادارکردنەوەی خێراو، دروستکردنی (٢٠٠٠) دەبابە و، چاککردنی فڕۆکەی F-16 بۆ تورکیا (Yafuz, 1998, p.64).

ئینجا ئاڵوگۆڕی هەواڵ و داهێنانە تەکنەلۆژییەکان یان دەستپێکرد.. پاشان ڕێککەوتن کە ئیسرائیل هێزی ئاسمانی تورکیا نۆژەن بکاتەوەو، تورکیای کرد بەخاوەنی فڕۆکەی فانتۆم (F-4). مناوەرات و مەشقی سەربازیی دەریایی و ئاسمانی هاوبەش، بەگژاچونەوەی تیرۆر، تاوتوێ کردنی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو دەوڵەتانەی کە ئەکەونە سەر دەریای سپی ناوەڕاست ، هەموو ئەمانە پێکەوە تورکیاو ئیسرائیل شەن و کەویان ئەکرد(Akgün Gündoğar& Görgülü, 2014,p.3) .

ئیسرائیل ساڵی (١٩٩٧) وەك قۆناغی یەکەم دەستی کرد بە پێدانی (٤٠) مووشەك لە مووشەکەکانی (پوب ئای ١)، ساڵی دواتریش دیسان

(٦٠) مووشەكی تری (بوب ئای) دا بە توركیا. جگە لەوەی هێڵێكی ڕاستی نیشانی توركیا دا كە چۆن ساروخی (بوب ئای) بەرهەم بهێنێت. كەتەنها تێچووی ئەم سەفقەیە نزیكەی (٥٠٠) ملیۆن دۆلار بوو، ئەم جۆرە مووشەكە لە حاڵەتی پێویستدا ئەتوانرێت وەك مووشەكی ئاسمانی و زەمینیش بەكاربهێنرێت، جگە لەوەی لەسەر فڕۆكەكانی (F4) و (F16) ئەبەسترێت. دواتر ڕێككەوتن كە یەكێتیەك دروست بكەن بۆ بەرهەمهێنانی ئەمجۆرە مووشەكە، كە لە (٣) كۆمپانیا پێكدێت، (٢) دانەیان توركیەو ئەویتریش كۆمپانیای "ڕافائیل"ی ئیسرائیلیە. بەرهەمەكەشی دوای (٣٠) مانگ دەست پێبكات و، مەدای هەر ساروخێكیان (١٥٠) كم ئەبێت.

هەروەكو هەردوو ولاٌت ڕێككەوتن لەسەر هاریكاری بۆ دروستكردنی فڕۆكەی بیٚ فڕۆكەوان، لەبەرژەوەندیی سوپای توركیا، كە توانای مانەوەی لە ئاسماندا بۆ (٨) كاتژمێرەو، تایبەتە بەكاری جاسوسی و چاودێریی كردن، وە بەرنامەی تازەو تایبەتی هەیە لەجۆری (سیكۆرسكی وبل ٢٠٩)، وە بەرنامەی تازەكردنەوەی دەبابە توركیەكان لە ستایلی (٤٧-٤٨) باتۆن بەبڕی(١) یەك ملیار دۆلار.. ئینجا بەرنامەی دروستكردنی هاوبەش (تصنيع مشترك) یان دانا بۆ: عوربەو كلاٌو و بەرگە درعیەكانی (كە گوللە نایانبڕێت).. ڕێككەوتنیان كرد لەسەر گۆڕینی چەكی دەستی سەربازە توركیەكان لەكلاٌشینكۆف و چەكی تەقلیدیەوە بۆ چەكی "غالیلی" (Abu-Mutllaq,2011,P48 ).

یەكێك لەهەرە پێداویستیە سەربازییەكانی توركیا و هەماهەنگی لەگەڵ ئیسرائیل، ڕووبەڕوبونەوەی پارتی كرێكارانی كوردوستان "PKK" یە، بەتایبەت لەماوەی سالأنی (١٩٨٥-١٩٩٥) دا، كە ووزەی سیاسی و

سەربازیی و ئابوریی و مرۆیی لەتورکیا بڕی بو، تورکیا (٢٠٠٠٠) هەزار قوربانی هەبو، زیاتر لە (٢٠٠٠) گوندی وێران بو بو، تێچووی ساڵانەی شەڕی (PKK) بۆ تورکیا لەوکاتەدا (٦-٨) ملیار دۆلاری ئەمریکی بو، بۆیە تورکیا پێویستی تاکتیکی و هونەریی و هەواڵگریی و سەربازیی بە ئیسرائیل بو، تا یارمەتی بدات لەم ڕووبەڕوو بونەوانەدا، دواجار ئیسرائیل لەساڵی (١٩٩٩) هاوکاری دەستگیرکردنی گرتنی ڕابەری (PKK) " عەبدوڵا ئۆجەلان" ی کرد لەنەیروبی و ڕادەستی حکومەتی تورکیایان کرد(Balci& Kardaş, 2012, p. 109).

تێبینی ئەوە ئەکەین کە: لەڕێبازی پەیوەندییەکانیشدا، سوپا جگە لەوەی ئاگاداریی ووردودرشتی بوخچە هەواڵگریی و ئەمنیەکانە، لایەنگری ئەوەشە کەپەیوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل بەردەوامی هەبێت. تەنانەت زۆرجار سوپا ڕەنگڕێژی پەیوەندییە دەرەکییەکانی تورکیای کردووە و، سەرۆکوەزیرانی ناچارکردووە ملی بۆ بدات، بەڵگەش بۆ ئەمە: جەنەڕاڵ ئیسماعیل حەقی کەردائی لە مانگی (ڕەمەزانی ١٩٩٧) دا بە بێ ئاگادارکردنەوەی نەجمەدین ئەربەکان بەو پێیەی کەپێی وابو پێویست بەڕەزامەندی ناکات، بەهاوڕێیەتی (١٣) ڕۆژنامەنووس، سەردانی ئیسرائیلی کرد.

هەر لەهەمان مانگ و ساڵدا (داڤید لیڤی — David Levy) وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل سەردانی تورکیای کرد، گۆڕان بەسەر هەڵویستەکانی ئەربەکان دا هاتبو، بە ناچارییەوە پێشوازی لێکرد، بێ ئەوەی باسی هاوکارییە سەربازییەکانی نێوان هەردوو وڵات بکەن پێکەوە ،دانیشتنەکەیان بە ڕێکرد.. (سیفیل بایەر-Sevil Bayer) جێگری سەرۆکی ئەرکانی سوپاو قسەکەری فەرمی بەناوی سوپای تورکیاوە،

دژی باڵە ئیسلامییەکانی تورکیاو ئەربەکان ئەو کاتە ووتی " ئێمە بەپێی دەستوری تورکیا مامەڵە ئەکەین، کە دەستورەکە چەقبەستووە و قسە هەڵناگرێت، لەبەندی (٢) دا هاتووە ئێمە دەوڵەتێکی عیلمانین، ئاماژەشی بە بە بەندی (٤) کرد کە ئەم ئەڵێت ئەم دەقە قابیلی گۆڕان نییە !.ئێمە پەرلەمان بەرپرسیارێتی خاکی تورکیاو پاراستنی کۆماری تورکیای پیێ بەخشیوین، لەئەمریکاو لە بەریتانیا گرنگ نییە سوپا بەرگریی لە سیستەمی سیاسیی بکات، بەڵام لەتورکیا ئەمە گرنگی خۆی هەیەو ئێمە لەبەردەم یاسادایین ".. لە کۆتاییدا هەر سەرکردەو جەنەراڵەکانی سوپا، ئەربەکان یان ناچارکرد لە (١٨ی حوزەیرانی ١٩٩٧) دەست لەکاربکێشێتەوە (Abdul Aziz,2014) .

دوای دەستلەکارکێشانەوەی ئەربەکانیش، پەیوەندیی و سەردانە سیاسیی و سەربازییەکان بەردەوامیان بەخۆیەوە بینی، وەزیری بەرگریی تورکیا تورخات تەیان- Turhan Tayan لە (٣ی نیسانی ١٩٩٧) سەردانی ئیسرائیلی کرد، لەگەڵ سەرۆکی ئیسرائیل عەزرا ئیزمان و سەرۆکی حکومەت بنیامین ناتانیاهوو وەزیری بەرگریی ئیسرائیلی ئیسحاق موردخای کۆبۆوە، دیسان باسی کاروباری هاوکاری هاوبەشی سەربازییان کردەوە(Kirdon,1997. 4). ئینجا بەدوای ئەودا: جێگری سەرۆك ئەرکانی تورکیا سیڤیل بایەر بە یاوەری (٢٤) کەسی سەربازیی تورك سەردانی ئیسرائیلی کردو، لەگەڵ سەرکردە سەربازییەکانی ئیسرائیل و ناتانیاهۆ کۆبونەوەی کردو باسی پەیوەندییە سەربازییەکانی نێوان هەردوو وڵاتیان کرد... ئەوسا لەبەرانبەردا لەهەمان ساڵ وەزیری بەرگریی ئیسرائیل "موردخای" سەردانی تورکیای کرد و لەگەڵ

**سەرۆکی حکومەت مەسعود یەڵماز –Mesut Yilmaz و کەسە بالاکانی سوپا باسی توندوتۆڵکردنی پەیوەندییە سەربازییەکانیان کردەوە.**

### ٢-٤-٤. پەیوەندییە کەلتورییەکان

**هەر بۆ خۆی، هاتنی ئەربەکان بەدەنگی خەڵك بۆ سەر دەستەلاٌت، سەرهەڵدانەوەی سەدا و شەپۆلێکی نوێی ئیسلامی بو لە تورکیا، زۆرجار هاوسۆزیی تورکەکان بۆ خەڵکی فەلەستین بووەتە مایەی سەرسوڕمانی ئیسرائیل، لەساڵی (١٩٩٤) لەمیانەی بەدواداچونێکی ڕای گشتی دا لە ئیستانبوڵ، کە شارێکە بە بەراورد بەوانی تر، لەسەر کەڵچەرێکی عیلمانی حیسابکراوە. دەنگی زیاتر لە (٨٠٪) ی بەدواداچونەکە وایە کە: ئیسرائیل چوارەمین دەوڵەتی شوومە بەنیسبەت تورکەوە، لەدوای یۆنان و ئەرمینیاو قوبرس، لەساڵی (١٩٩٩) باڵوێزی پێشوی ئیسرائیل لەتورکیا (د. ئەلوەن لیئیل) ئەنوسێت: "تورکەکان لەباری ئاسایی دا زیاتر خۆرئاوایین وەك لەوەی کە موسڵمان بن، بەلاٌم هەندێ جار بەبێ ئیرادەی خۆیان هەڵوێستێك ئەنوێنن، کەناکرێت لەمەسەلەیەکی دیاریکراودا بێ لایەنی لەدەست بدەیت، وەکو مەسەلەی قودس".. ئەمەو لەکاتی سەرهەڵدانەوەی ڕاپەرینەکانی گەلی فەلەستین دژی جولەکە لەئیسرائیل لەساڵی (٢٠٠٠) جارێکی تر شەقامی تورکی وروژاو، کاردانەوەی دوژمنکارانەیان بەرانبەر ئیسرائیل نواند (** Okasha& Abdul Qadir,2010).

**بۆیە گۆڕانکارییە نێوخۆییەکانی تورکیاو بارودۆخی نوێی جیهانی و هەرێمایەتی وایکرد، جیاوازی لەڕاوبۆچونی بەرپرسە سەربازی و ئەمنییەکانی ئیسرائیل لەلایەك و، بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەش لەلایەکی تر سەرهەڵبدات، سەبارەت بەئاڕاستەی سیاسەتە نوێیەکانی**

تورکیا لەدوای هاتنی ئەربەکان، کەسانی سەربازیی پێداگیرییان لەوە ئەکرد کە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو ولآت بەردەوامی ئەکێشێت، ئەمەش لەزاری وەزیری پێشوی بەرگریی ئیسرائیل ئیسحاق موردخای (١٩٩٦-١٩٩٩) کە لایوابو، هاوپەیمانی لەگەڵ تورکیا هاوپەیمانێتیەکی ستراتیجیە. بەپێچەوانەوە ئەوانەی لە وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل کاریان ئەکردو، ڕاسپێردرابون بەم مەلەفە نوێیە کەووردبینانە ئایندەی پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیا لێك بدەنەوە، ڕیسکێك یان لەپەیوەندییەکەدا ئەبینی، کە ئەگەر لەسەر ئەم ڕێبازە بڕوات لەوە ئەچێت لەئایندەیەکدا تورکیا لەگەڵ ئێران و سوریا بکەوێتە پێشبڕکێی خۆ پڕچەککردنەوە، جگە لەوەش لەسەرووی هەموویانەوە لەناوچەکەدا مەترسییەك لەسەر یۆنان و قوبرس و میسر بوروژێنێت. لەم سۆنگەیەوە پرۆفیسۆر "ئیفرایم عەنبار" سەرۆکی پێشوی ناوەندی بیغن- سادات بۆ لێکوڵینەوەی ستراتیجی، لەمیانەی توێژینەوەیەکیدا لە ساڵی (٢٠٠١) باسی سروشتی هاوپەیمانێتیەکە بەو شێوەیە ئەکات کە: نزیکبونەوەی ئیسرائیل و تورکیا بەم ئاستە بە هاوپەیمانێتیەکی سەربازیی دانا نرێت بەمانا تەقلیدییەکەی، لەبەرئەوەی ئەگەر یەکێکیان تووشی هێرش بۆیەوە، ئەویتریان لە حاڵەتی بەرگری کردندا نابێت بۆی ، وە هیچ کامیان بەشداری شەڕێك ناکات بۆ ئەوی تریان. بۆیە لەگەڵ ئەمەشدا ئەکرێت پەیوەندییەکە لەم کاتەدا ناو بنێین "شەراکەتێکی ستراتیجی" .(Inbar,E,2011, p. 4)